
یادگاری پیرەمێرد
کوردستانی نوێ
ساڵی بیستو سێیەم ژمارە: (٦٤٢٦) یەکشەممە ٦ / ٧ / ٢٠١٤



نامەیەکی گۆران بۆ پیرەمێرد 3



نیشتمەن، ئەوی لە خۆمدا ئەیبینم 5+4



پیرەمێرد؛ ژین و ژیان و چاپخانەکەی 7

# پیرەمێرد؛ شاعیر و پیری رۆژنامەنووسان

سالّح بێچار

رۆژی دووشەممە ١٩-٦-١٩٥٠، واتا (٦٤) ساڵ لەمەوبەرو پاش تەمەنێکی پڕ بەخشش لەخزمەتکردنی زمان و ئەدەب و رۆژنامەوانی کوردیی، (پیرەمێردی نەمر) شاعیری نەورۆزو رابەری رۆژنامەگەریی کوردی لە تەمەنی (٨٣) ساڵیدا لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

حاجی تۆفیقی مەحموود ئاغای هەمزاغا، ئەو نووسەرو شاعیرو رۆژنامەنووسە بلیمەتەیە کە بۆ هەتا هەتایە لەدەفتەری سەروەریی مێژووی ئەدەب و رووناکبیریی کوردی دا وەک پێشەنگێکی هەرە دیار ناوی بەزیندوویی دەمێنێتەوە .

پیرەمێرد؛ یەکێکە لەو کەسێتییە دەگمەن و پڕ بەهرەو فرە کارانەی کورد کە لەزیاتر لەبوارێکدا جێدەستی دیارەو ناتوانرێت تەنها لەچوارچێوەیەکدا پێناسەو پۆلێن بکرێت. ئەم زاتە وێڕای دیوانێکی دەوڵەمەندی پڕ شیعری نیشتمانیی، سۆزداریی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، رامیاری، تەنزو هتد؛ هاوکات خاوەنی باڵادەستی و داهێنانیشە لەسەرەتاکانی مێژووی رۆژنامەوانی و چاپەمەنی کوردیدا.

تۆفیق-ی رۆژنامەنووس تا لەتورکیا بوو بەناوەکانی: سلیمانیەلی توفیق، س.ت، پیرە کورد، بابەتەکانی بڵاودەکردەوە، بەڵام کاتێک بەیەکجاریی دەگەڕێتەوە کوردستان لەژێر ناوی (حاجی تۆفیق بەگ)دا بەرهەمەکانی بڵاودەکاتەوە، دواتریش کە تەمەنی بەرەو پیربوون دەچێت، ساڵی ١٩٣٢ کاتێ شیعری «بەیانی بوو لەخەو هەستام» بڵاودەکاتەوە، بۆ یەکەمجار نازناوی پیرەمێرد بۆخۆی هەڵدەبژێرێت، لەوە بەدواوە لەدنیای ئەدەب و رۆژنامەگەریی کوردی دا بە (پیرەمێرد) دەناسرێت.

پیرەمێرد وەک خۆی باسی دەکات و بە بەرهەم و کاری ئەدەبیش ساخ بۆتەوە، کە بەچاکی زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبی زانیوە. لەنووسینی فارسی دا دەستێکی زۆر باڵای هەبووە وەکو دەڵێن لەو سەردەمەدا مەگەر تەنیا سلێمان بەگی باوکی گۆران، لە پیرەمێرد فارسی زانتر بووبێت. پیرەمێرد بۆ خۆی لەژمارە (٩٥٣)ی رۆژنامەی «ژین»ی رۆژی ٣-٢-١٩٤٩، لەوبارەیەوە دەنووسێت: «لەپایتەخت -ئەستەموول- دا غەزەتەی کوردیم دەردەکردو لە غەزەتەی (موحیط موصەووەر)ی میسر دا و لەرۆژنامەی هەرە گەورەی پاریس (تان) و لە (شەفەقی سورخ) و (فەرهەنگ) ی ئێرانی دا بانگی کوردیم ئەدا».

لەپای گەورەیی پیرەمێردی نەمرو ئەزموونی پڕ هەژموونی ئەو قەڵەندەرەی کورد لەم کارە هاوبەشەی «کوردستانی نوێ» و «بنکەی ژین» دا هەوڵمانداوە لەچەند گۆشەیەکی جیاوازەوە چۆنێتی کارو کردارو تێڕوانین و بیری پیری ژیری کورد زیاتر بەلاوان و خوێنەرانی ئەمڕۆ بناسێنین.

کوردستانی نوێ
بنکەی ژین

## بۆچ کوردستان تەنها ئەم (هومەرەکوێر)ەیە؟
## بۆچ کوردستانی گەورە لە زبانمان نەگا؟!

7



پیرەمێرد لە ئاهەنگی جەماوەریی جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٨دا، گردی مامەیارە - سلێمانی



لەڕاستەوە؛ راوەستاو: ٢- غەفوری حاجی مەلا سەعید ٧- شێخ جەلالی حەفید ٨- شێخ لەتیفی حەفید ٩- بابا عەلی.
لەڕاستەوە؛ دانیشتوو: ١- قادر ئاغای حاجی مەلا سەعید ٣- ئەحمەد ئاغای کەرکوکی ٤- مەعروف جیاوک ٥- شۆتەر ٦- شێخ مەحموود ٧- ئەدمۆنز ٨- پیرەمێرد ٩- شێخ عەبدوڵڵا. ساڵی ١٩٤٥ بۆنەی ماڵئاوایی ئەدمۆنز لەسلێمانی.

# پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠)

«پیرەمێرد» ناوی تۆفیق کوڕی مەحموود ئاغای هەمزاغای مەسرەفە . (١٨٦٧) لەگەڕەکی گۆیژەی سلێمانی لەدایکبووە. بەمناڵی لای مەلا حسێنە گۆج و مەلا سەعیدی زەلزەلەیی و لای مەلا مەحموودیش وەک فەقێ خوێندوویەو سەری لەبانەیش داوە. ئەیلوولی (١٨٨٢) بەکاتبی نفووسی سلێمانی دامەزراوەو، دوایی بووەتە کاتبی زەبتی دادگاو، حوزەیرانی (١٨٨٣) بەکاتبی ئەملاکی هومایۆنی لەهەڵەبجەو، ئەیلوولی (١٨٨٦) بە سەرکاتبی دادگای شارباژێڕو تشرینی یەکەمی (١٩٨٥) بەیاریدەدەری بەڕێوەبەری کەربەلاو، نەچووە. (١٨٩٨) لەگەڵ شێخ سەعیددا چووەتە ئەستەمووڵ. دوای ساڵێک حەجی کردووەو پلەی بەگی دراوەتێ. (١٨٩٩/٩/١٤) بووە بەئەندامی مەجلیسی عالی و، چووەتە قوتابخانەی حقووق . (١٩٠٥—١٩٠٨) پارێزەریی کردووە. ئیمتیازی «رسملی کتاب» و «کرد تعاون و ترقی غزتەسی » و «مصور محیط » ی هەبووەو، لەڕۆژنامەکانی «اقدام» و «سربستی» و «فرهنگ» و «شفق سرخ»دا نووسیویە.

دامەزرێنێکی «جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد — ١٩٠٨ » بووە. ١٩٠٩ بووە قایمقامی جۆڵەمێرگ و پاشان قەرەمورسل و بالاوا و بیت الشباب و طموش کوی و ئەطەپازاری و ، ١٩١٨ بە موتەسەڕیفی ئاماسیە. ئەندامێکی « جەمعییەتی تەعالیی کوردستان»یش بووە. ڕۆژی ١٩٢٥/١٢/٣٠ گەیشتەوە سلێمانی، لە ١٩٢٦/٢/٢٣یشەوە بە یەکجاری نیشتەجێی بوو . لە ژمارە (٣٢١)ی ١٩٣٢/٥/٩ بەدواوە بوو بە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی «ژیان»ی شارەوانی. پاشان چاپخانەکەی لێ بەکرێ گرت و ئیمتیازەکەی خستە سەر خۆی . کە بەکرێگرتنەکەی بۆ تازە نەکرایەوە، چاپخانەیەکی کڕی. کە ئیمتیازەکەیشی لێ سەنرایەوە، ئیمتیازی «ژین»ی وەرگرت کە لەژیانیدا تا ژمارە (١٠١٥)ی لێ دەرکرد. (٦٤٤٨) پەندی کوردیی بەشیعر نووسیوەتەوە. ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی «جەمعییەتی زانستی کوردان» و، دواتر سەرۆکیشی بووە. ١٩٥٠/٦/١٩، بە نەخۆشیی شەکرەو گورچیلە کۆچی دوایی کردو لەگردی مامەیارە نێژراوە*.

* یادی پیرەمێرد ، لەژێر چاودێری علاء الدین سجادی لەچاپ دراوە، بەغدا، ١٩٥١، ل ١١-١٣، ١٧-١٨ ٢٣ ؛ «ژیانەوە» ، ژ١٤ ، ٢ شباط ١٩٢٥ ؛ «ژیان» ، ژ٦ ، ٢٥ شباط ١٩٢٦ .



پیرەمێرد کۆتاییەکانی تەمەن، بە جلوبەرگی کوردییەوە.



١١ ذی القعده ١٣٢٦ — جمعه ایرتسی — ٢٢ تشرین ثانی ١٣٢٤

کرد

تعاون وترقی غزتەسی

١٣٢٤

جمیتك واسطهٔ نشر افکاریدر

تاریخ تأسیسی ١٣٢٦ — ١٣٢٤

جمیت طرفندن منتخب صاحب امتیاز ومدیر ومحرری سلیمانیەلی توفیق

شرائط اشترا

طشره ایچون سنەلکی پوسته اجرتیله برابر ٨٠ ، والتی آیلقی ٤٥ غروشدر

نسخەسی بر غروشدر

سر محرری دیاربکرلی احمد جمیل

کرد ارباب فکر وقلمنه دائما صحیفەلریمز آچیقدر

درج اولنمیان اوراق وآثار اعادە اولنماز

ادارەخانەسی وزنەجیلردە کرد تعاون وترقی مرکز عمومیسیدر

ایلك نسخەسی جمیتمزك ارکانی ایچون بش غروشدر

نومرو ١ — شمدیلك هفتەدە بردفعه نشر اولنەجق دینی، علمی، سیاسی، ادبی، اجتماعی غزتەدر — جلد ١

کورد تەعاون وە تەرەقی غەزەتەسی ، گۆڤار ١٩٠٨
شمدیلک هفتەدە بر دفعە نشر اولەجق، دینی، علمی، سیاسی، ادبی، اجتماعی غزتەدر
گۆڤارێکی دینی، زانستی، سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعی هەفتەییە.
صاحب امتیاز و مدیر و محرری: سلێمانیەلی تۆفیق (پیرەمێرد).
سرمحرر: ئەحمەد جەمیل دیاربەکری.
پێوانە: (٣ ,٢٤×٣ ,٣٣ سم) و (٨) لاپەڕەیە، (سەرجەمی ژمارەکانی ٨٨ لاپەڕەیە).
چاپخانە: سلانیک، مرکز مطبعەسی. جێگا: ئەستەمبۆڵ.
زمان: کوردی (کرمانجی باشوورو باکوور)، تورکی.
ڕێنووس: عەرەبی. وێنە: (١١) وێنەی تێدا بڵاوکراوەتەوە.
نرخ: (٣) غروش بووە.
ژمارەکان: (٩) ژمارەی لێ دەرچووە.
ژمارە١، جلد ١، (١١ی زیلقەعدە ١٣٢٦،٢٢ تشرینی دووەمی ١٣٢٤) ١٩٠٨/١٢/٥.
ژمارە (٩)، جلد ١ ، (٨ محرم ١٣٢٧ـ ١٧کانونی دووەمی ١٣٢٤) ١٩٠٩/١/٣.

# بنکەی ژین سەرجەم نووسینە ڕۆژنامەوانییەکانی (پیرەمێرد) لە چەند بەرگێک دا چاپ دەکات

(بنکەی ژین) ناوی «ژین»ی بۆ هەڵبژێردرا؛ بۆ زیندووکردنەوەی ناوی گۆڤاری «ژین»ی ئۆرگانی نارەسمیی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە ئەستەمووڵ و هەم ڕۆژنامەی «ژین»ی سلێمانی کە وەک درێژکراوەی «ژیانەوە» و «ژیان» تەمەن درێژترین ڕۆژنامەی کوردییە لەباشووری کوردستان. سەرباری ئەوەش، بۆ زیندووکردنەوەی ناوی (پیرەمێرد)، وەک ڕەمزێکی هەرە گەورەو دیاری نەک سلێمانی و باشووری کوردستان، بەڵکو سەرتاسەری کوردستان کە بەخشش و داهێنانەکانی بەشیعرو پەندو وتاری ڕۆژنامەوانی مەزن و بێ وێنەن.

چەند ساڵێکە سدیق ساڵح خەریکی کۆکردنەوەو ئامادەکردنەوەی سەرجەم نووسینەکانی (پیرەمێرد)ەو لەقۆناغی کۆتایی پڕۆژەکەیدایە کە چەند بەرگێک دەردەچێ.

ئەم چەند نووسینەی (پیرەمێرد) لێرەدا بەشێکی هەڵبژێردراوی ئەو پڕۆژەیەن.

بنکەی ژین

لۆگۆی بنکەی ژین لەسلێمانی



سلیمانیەلی توفیق (پیرەمێرد) بە گەنجی، سەرەتای سەدەی بیست - ئەستەنبوڵ

پیرەمێردی نەمر دەربارەی گۆران دەڵێت:

# گوڵێکی نەوشکوفتەی شیعر

چەند ساڵ لەمەوبەر خۆشبەختانە ڕێم کەوتە شارێکی لەطیفی کوردستان، موددەتێکی موناسیب لەوێ مامەوە. حەیاتێکی سادە و ظەریف، حەیاتێکی پڕ لە شیعر و سونووحاتم ڕابوارد. ئەتوانم بڵێم: ئەم شارە، بە دەشت و دەوری شاعیرانەوە، بە شاخ و نزاری پڕ لە ئەحلام و خەیاڵاتەوە، لانەیێکی ئەزەلی و ئەدەبی شیعرە، ذەرراتی هەوای پڕ لە ئیلهامە، تاریکەشەو و مانگەشەوی موتەساوییەن شاعیرانە و وەحیبەخشە. بن هەر لقی دارێ، باغێکی صەد فریشتە و صەد پەریی شیعری لێیە و هەر-بەم سەبەبەوە- لە ڕۆژێکەوە بناغەی نراوە، بێ شیعر و شاعیر نەبووە.

ئا لەم شارەدا، ئەووەڵ ڕۆژی مواصەلەتم، لاوێکی زیرەک، تێگەیشتوو، ڕەقیقول طەبع، فەقەط مەحبووب جەلبی دیققەتی کردم، ئیفراطی مەحجووبییەتەکەی - تەقریبەن- کردبووی بە مەردم گورێز. غالیبەن گۆشەیێکی ئینزیوای پڕ حیسس و خەیاڵی تەرجیح ئەکرد بەسەر حەیاتێکی پڕ جۆش وخرۆشی ناو خەڵقدا.

موعارەفەمان بۆ موودەتێکی مەدید عیبارەت بوو لە چەند مولاقاتێک. فەقەط بەرە بەرە مولاقاتەکەمان تەزایودی کرد، ئاشناییێکی موتەقابیل هاتە وجوود، ئاشناییێکی فیکری و حیسسی و بیننەتیجە قەناعەتی کەمیلەم بۆ حاصڵ بوو کە دوور، لەژێر پەردەی کەثیفی مەحجووبییەتەکەیدا حیسسێکی ڕەقیق و بەرز، طەبیعەتێکی شاعیرانە مەوجوودە و شنەی بایێکی خەفیف کافییە ئەو پەردەیە لابدا و بە هەموو مەحاسینی بەدیعییەیەوە شەخصیەتی شیعرییەی دەرخا.

زەمان هات و تێ پەڕی، ئەرض بە دەوری خۆیدا چەند خولێکی دا و نیهایەت لە سلێمانی یەکمان گرتەوە. ئەمجارە بە مەمنوونییەتەوە دیم کە کزەباییێکە - هەرچۆنێ بووبێ- هەڵی کردووە و تا دەرەجەیێک بووە بە سەبەبی دەرخستنی شەخصیەتی. شەوێک کە دیسان لە مەوضووعی شیعر و ئەدەبیات ئەدووایــن، بە دەنگێکی نزم و ڕوویەکی سوورهەڵگەڕاوەوە بەعضێ شیعری خۆی لە بەر خوێندەوە؛ زۆرم لا جوان بوون و طەڵەبی نوسخەییێکم لێ کرد. سبەنێ مەنظوومەکانم لێ وەرگرت و کە دووبارە پیا چوومەوە، بە تەواوی تەحەقوقی کرد لە لام کە ئەمانەی زۆر دوور بوون لە شیعری شاعیرێکی موبتەدی وەیا هەوەسکارێک. عەلاوەی ئاهەنگ و سەلاسەتی، مەوضووعەکانیش جاذیبەدار و پڕحەیات بوون. بە خەیاڵێکی ورد و بڵند هۆنراوە و بە طەرزێکی جوان و ڕەوان ئەدا کرابوون.

لە گوفتاری وا تێ گەیشتم ئەیەوێ ئەمانە لە گۆشەی نیسیاندا بمێنێتەوە. فەقەط من شەخصەن ئەم ئیهمالەم بەرامبەر بە ئالیهەی شیعر بە جورم عەد کرد و بیننەتیجە قەرار درا بە ناوی موستەعارەوە نەشر بکرێن.

بە ئیفای ئەم خدمەتە ئەدەبییە زۆر مەسروورم. وا ئەووەڵ مەنظوومەی بە حورمەتەوە خرایە بەر نەظەری خوێندەوارانی کیرام.

(پ ....)

## شەوێکی بەهار

تاریکە شەوێ: نوقمی ڕەشی چیهرەیی دنیا ،
دیلی تەمی ئەسراربوو دەر و دەشتی حەقایق ،
چووبوونە پەنا پەردەیی خەو کەون و خەلایق ...
موستەغریقی ئەندێشە ئەبوو ساهیری تەنیا !

تاریکی ، تەمی دەشتی دڵو ، تانەیی سەرچاو ،
شاباڵی پەخش کردبوو تاکو ئەبەدییەت
بێدەنگی لەچوار لاوە موهاجیم وە خرۆشاوە ،
وەک ظوڵمەتی شەو نەیبوو ئەویش نووک و نیهایەت !

جار جار لە ئوفوق ڕائەوەشا شیری برووسکە ،
گرمەی غەزەبی گوێی کەڕ ئەکرد هەورە تریشقە ؛
باران سەرەتای ڕیققەتی بوو : نم نم ئەگریا ،
وەستابوو زەوی تینوو زەلیلانە لەبەریا !
ئەمجا بە خوڕەم باری ، لە پاش یەک دوو دەقیقە ،
ئافاقی ئەمەل ڕەش ، نەما پێوە تروسکە ! ...

تاو تاو لێی ئەدا تەپڵی هومووم تەرزە بە ئاهەنگ ؛
وەختێ کە ئەهات حەملەیی با تونگو خورۆشان ،
ئەیڕشتە دڵی پیاوی صەبوور کەڵکەڵەیی جەنگ ،
هەر وەک دڵی خەووافی ئەترسان و ئەلەرزان ! ...

لەم حاڵەتە دا ڕۆحم وەکوو چاوی گلاوی ،
ئانێکی بە قەد ساڵێ پڕی زەهری ئەلەم بوو ،
ناگا : هەمیسان نیشتەوە لافاوی طەبیعەت ،
ئاهیسە .. نەما زەلزەلەوو نەعرەیی حیددەت !
کەوتە تەنکی هەوری ڕەشو چڵکنی پێشوو ،
ئەلوانی قەزەح تێکەڵی بوو ، کون بووە ناوی ؛

ئەستێرەیەکی جوانی گەشی پڕ لە تەبەسووم
دەرکەوتو ، گەیشت لێوە بە دڵ زەوقی تەماشا ...
بەحری هەوەس و شەوقم وەها هاتە تەلاطوم :
بۆ سەیری جەمال کردنی دنیایی بەیانی ،
هێشتا شەوی زۆر مابوو کە من کەوتمە صەحرا ،
وەک شێت .. بەڵام شێتی شیعر ، شێتی جوانی ! ...

**عبدالله گۆران**

* ژیان، ژمارە ٢٩٠، پێنجشەممە ٦ ی ئاغسـگۆسی ١٩٣١، ل٢-٠٣.



پیرەمێردی نەمر، دوای گەڕانەوەی لە تورکیا

# نامەیەکی گۆران بۆ پیرەمێرد

گۆران ی شاعیر لەسەردەمی لاویدا کاتێک لەهەڵەبجە مامۆستا بووە، دیارە سەرەتای شیعر نووسینیشی بووە، ئیتر کەوتووەتە سەرسەودای ئەوەی لە کەسانی تر بپرسێت ئایا ئەوانەی دەیاننووسێت تا چەند لە شیعر دەچن. بۆ ئەو مەبەستە پەنای بردووتە بەر مامۆستا (پیرەمێرد) و ڕۆژی ٤-٤-١٩٣٢ لە نامەیەک دا بۆی دەنووسێت:



عەبدوڵڵا گۆران-ی شاعیر، مانگی مایسی ١٩٢١ هەڵەبجە

***هەڵەبجە**
**١٩٣٢/٤/٤**
**أستادی محترم:**

ڕەنگە لەبیریشتان چوبیت : هاوینی ڕابوردو ، لە دوکانی حماغای عطار بە ملاقاتیکی بچوکتان فیضی گەورەم چنگ کەوت ، بەرامبەر بە ملکەی شعرم ، لە ضمنی تشویقا متفائل دیاربون. هەرچەن ئەم التفاتەم حرفیا بە جدی وەرنەگرت ، بەڵام چونکە لە شخصیتیکی صلاحیتدار و تجربەدیدەی شعرەوە صادر بوبو ، حاشا ناکەم ، قوەتیکی مؤثری بەهیوام بەخشی. ذاتا پیش ئەوەش مفتونی (پەری شعر) بوم ، انجا بەهەمو اشتهایەکەوە تێی آلام کە هەرساتە بەرەنگێک ، لە شکلی ئەوا دێتە پیش چاوم ...

حاصلی چە اوبیت ، چە شیطانیک لەشکلی ئەوا ، بەرامبەر بە خوینیکی زۆری جگرم ، دڵی نەرم بوە ، چەن جاریک خوی تسلیم کردوم .... بەری ئەم عشقە آگرینە چەن روڵەیەکە ، هیچیان لە هیچیان ناچن ، و هەر یەکە خوینیکی جیاوازیان بەلەشا ئەگەریت ، بعضیکیان دڵوپیک چیە خوینی کوردیان تیا نیە ، بەڵام کەموزور جریانیکی پەری پەتی لەناو دەماریانا هەیە ، بعضیکیشیان بەعکسەوە ....

لەم روژانەدا ، لە دەمی خور کەوتنا ، لە ناو منضەرەیەکی جوانی بەهارا آخر بیچومان هاتە دنیا ، بە خوین ، بە کاڵا ، بە باڵا ، لە بیچکەی کورد ، لە رولەی پەری ئەچو .... لە خوشیانا وەختەبو گەشکەم پی بگات .... نەختیک یان گەلیک لاواز بو ... مع مافیە لاوازی لای من مطلب نەبو . من طلسمی سک و زای شعرم ئەویست شعری کوردیم بۆ ساغ بێتەوە .

آ بە شەوقی ئەم آوات و احلامە شیرینەوە- کە لە پاش تاریکستانی (گومرایی) وەک نووری ایمان روحی لە اشکنجە آزاد کردم- کەوتمە ناو کۆڵانەکانی هەڵەبجە ... بەتەمابوم شهادتنامەی جنسیت ، بو ئەم جگرگوشە عزیزەم بە هیئتی اختیاریەی (وڵاتی خیاڵ) تصدیق بکەم ....

هیهات ! .... هیئتی اختیاریە ، بەجلی بیگانەوە نەبی پەری زادە ناناسنەوە .

ووتیان: پویلانەی متنبی و معری عرب ، مجوهراتی حافظ و سعدی عجم ، متوموروی نفعی و باقی تورکی پیوە نیە ....

لەبەر ئەوە «طبیعی» لە رونق و جاذبەی جمال محرومە ...

ئەتوانین بڵیین : هیچ وینەیەکی لە پەری شعرو خیاڵ ناچی ! ...

هەروا سەرم سورما .... چەن جاریکی تر ، بەسکەی قەلب و نارەواج ، بە دراوی بیگانە (اشهد باللە) م لەم زاتانە کریوە ، نازانم اوان سکەی صاغ ناناسن ، یا من حقایق پیچەوانە وەرئەگرم ؟ ....

بەشکو اوان مصیب بن ؟ بەشکو من علتیکی نفسیم لەگەل بیت ، سلامتی فکرو ذوقی تیک دابم ؟! .... بەشکو من لە ریگای ضلالت بم .... شیطانیکی فاحشە ، بە عشقیکی حرام ، بە عشقیکی سفیلی ملوث اغوای کردبم ؟! افسوس ! ... عمری جوانیم خەسار گیرا لە پی ناوی عشقیکا ، کە مایەی هیکلی مقدسی خاطرەی حرامزادەیەک دەرچوو !....

بەدەم ئەم چەشنە مجادلەوە ، لە بینی یاس و ترد دا ، بیابانی خیاڵم گرتەبەر ، نازانم کەمم پشکنی ؟ زورم پشکنی ؟ ئەوەندە ئەزانم لەپر ، بەرامبەر بە منظرەیەکی علوی حەپەسام ... لەجی ی خوم — هەر وەک مێخ- داچەقیم . لەسەر یاڵیکی بەرزی سەوز ، پر گوڵاڵە ، داوین دارستان ... لەژیر سیبەری رەنگاو رەنگی چەن پەڵە هەوریکی تەنک تەنکا .... دەرویشیکی نوورانی بەرامبەر بەرۆژ راوەستابو ... پر بە دوکەڵەکەی بەردەمی - کە چەمیکی گورەی پێچ پیچوکەی ، هاژە هاژ ، پیا ئەکشا — پەپولەی هەزار تەرحە ئەجریوایەوە ، هەزاران بیچوە پەری بە دەوروپشتی سەریا هەڵفر هەڵفریان بو کە هەریەکە ئەوەندەی کۆتریکی تەقڵەباز ئەبون ، بەڵام گەلی جوانتربوون ، ورشەورشی پەپولەیان گەلی زیاتر بو ... دەسی راستی ، عاسایەکی پرشنگاوی درێژی پی گرتبو ، بەدەستی چەپیش ، دڵیکی لاوی خوین گەرم و پر نبضی بەسنگی خویەوە نوسانبو — پرچیکی خاوی دریژ ، وەک چوڕی شیر بەسەرشانوملیا پەخشان بوبو ... ریشیکی سپی سپی لەگەل بەشیکی زوری دڵە جوانەکەی باوەشی داپوشی بو ...

دەستی عاساکەی لی هەڵ تەکانم ... بە هەر اکردن ملم نا بو لای ... لەپاش زیارەتی داوینی کەوڵەکەی بەخشوعیکەوە پرسیم:

«قوربان ! بی ئەدەبی نەبی — ایوە کین ؟ « بە زەردەخەنەیەکی شیرینەوە جوابی دامەوە:

«قەلەندەر»

ناسیم ... ایتر حاجت نەما بە پرسین : لە معنای عاساکەی دەستی ، دڵە تازەکەی باوەشی ، راوەستانی لە ناو ئەم منظرە شاعرانەدا .... گورج پەلی هەتیوە بەدبختەکەمم گرت و فریم دایە بەر پی‌ی .... دەستم کرد بە باخەڵما ، صورەتی شهادتناکەم دەرهینا — کە امضا نەکرابو — و تقدیمم کرد ... بە اصراریکی استرحام کارانەوە دەستم کردبە لاڵانەوە ....

« تو ئەم جیگا مقدسە ! تو ئەو شعارانەی بە هەردو دەست گرتوتن ! هەرچی راستە ئەوەم پێ بڵێ ....

ئەم هەتیوە حلاڵ زادەیە یان حرامزادەیە ؟ ئەگەر حلاڵ زادەیە ، با نجاتم بیت لەدەست اشکنجەی وسوسە .... ئەگەر حرامزادەشە ، با جەرگی دایکە فاحشەکەی بسوتینم .... زیندەبەچاڵی کەم !!....

لەوحەلەوە بە ئاگری چاوەنواری ئەتویمەوە : آخو کەی بی «حکمی قطعی» لە قەلەندەری محترم وەرگرم ؟

**عبدالله سلیمان**
**هەلەبجە**

* پیرەمێردی نەمر ، محەمەد ڕەسوڵ هاوار بەغدا ١٩٧٠ — ل (٨٣-٨٦)

# بۆ داماوان

**پیرەمێرد**

ئەم زستانە کە بە هۆی شەڕەوە و گرانی و نەبوونییەوە فەقیر و هەژارەکانی چرووساندەوە و بەفر و بەستەڵەک و ڕێبەندان دار و خەڵووزی گەیاندە ئەندازەیێکی هێجگار گران، بە جارێ سەرما زۆری بەسەرمانا هێنا و زۆری خست. موتەصەڕیف کە لە خۆمانە، لەو سەرمایەدا بە سەرمایەی دڵسۆزییێکی گەرمەوە کەوتە چارە دۆزینەوە. ذاتەن جەمال بەگی وەزیری شوئوونی ئیجتیماعییەیش بە شێوەیێکی ئەصاڵەتی بابانییەوە بۆ هەموو لایێک لە هەوڵ و تەقەلادایە، موساعەدە کرا لوجنەیێکی ئیعانە لەژێر سەرپەرشتیی موتەصەریفدا دابنرێ.

بەو ڕەنگە لە ناوداران و غیرەتوەران کۆمەڵێک کۆبوونەوە، هیممەت و سەخاوەتێکی وا کەوتە کارەوە کە تا ئێستا ڕووی نەداوە. حەواڵەیێکی پێنج صەد دیناری لە طەرەف



خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا لوتفی

«عەبدوڵڵالوطفی»ی نەوەی پڕشەرەفی «حاجی عەلی ئاغا»وە هات، بەشاشەتێک و فەخر و موباهاتێکی وای بەخشی، بوو بە مایەی سەربڵندیی هەموو لایێک و ناوێکی چاکی تەئریخی. پێنج صەد دینار گاڵتە نییە، لەم تەنگانەیەدا پێنچ صەد گیانی پێ ڕسگار ئەکرێ.

دوای ئەوە حەواڵەی صەد دیناریی جەنابی «ئەحمەد ئاغای کەرکووکی» و پەنجا دیناریی «میرزا فەتاح» هات. «میرزا فەرەج» ئەمە دووەمە، ئەو لە پێشدا لەمە زۆرتری بە واسیطەی «میرزا فەتاح»ی برایەوە نارد. کانوونی ثانی کە ئسبووعی فوقەرایە، بنووسرێ، بەڵام ئەمانە پێش دەستی و پێشڕەوییان کرد، وا لە پێشەوە سەعادەتی موتەصەڕیف و لیجنەی ئیعانە عەرضی تەشەکورات و تەقدیرات ئەکەن.

٢. قەچاکانیش لەژێر ڕیاسەتی قائیممقامەکاندا لوجنەی تەبەڕڕوعیان داناوە، لە ڕۆژی مەوعوودەدا دەرەجەی هیممەتی ئەوانیش ئەنووسرێ.

٣. دەستەی دایکانی بەڕەحم کە ئەصڵی بەزەوی و ڕەحم و شەفەقەت پیشە و شێوەی ئەوانە، موراجەعەتیان بە موتەصەڕیف کردووە، کە ئەوانیش لەم شەرەفە بێ بەهرە نەبن. هەرچەند ئەو لاوە بەغیرەتانە ئەوان پێیان گەیاندوون و شەرەفەکەیان ڕاجیع بەوانە و پیاوەکانیش شەریکی حەیاتی ئەوانن، دیسان ئەیانەوێ «مافوق الطبیعە»ی خۆیان بنوێنن. طەبیعی موتەصەڕیفیش ئارەزووی ئەوانی پێ ڕەد نەکراوەتەوە، کێ؟ وا ئەوانیش دەستەی خۆیان جوێ کردووەتەوە، پێشەکی لێیان بەزیاد بێ و خوا زیادیان کا.

*** ژین، ژمارە ٦٥٤، ساڵی ١٥، پێنج شەمە ٢٢ی کانوونی پانی ١٩٤٢، ل١.**

# نیشتمەن، ئەوی لە خـ...

**پیرەمێرد**

هەندێ مەیل و دڵبەستەیی هەیە، ئەوە بە هۆش و لێکدانەوە و ئیختیار نییە، لە کانی دڵەوە دێ، وەک خۆشەویستیی فەرزەند بەندی جەرگ ئەخاتە خورپەوە، ئەویش جار نا جار دڵی پیاو ڕادەکێشێ.

جارێک لە بەری (سیوەیل) بە شوێنێکدا ڕابوردین، بەفرێکی زۆر لە شاخ بارییبوو، لە دەرووی شاخێکدا لەژێر بەفرەکەدا دووکەڵ هەڵدەسا. پرسیمان: ئەو دووکەڵە چییە؟ وتیان: ئەوە تەنهاماڵن بەو دانەبەردەوە. جاری وا هەیە سێ ڕۆژ چوار ڕۆژ لەژێر بەفرا دەمێننەوە!!

دەمی بەهار لە کەوبوار لای «سمایل ئاغا» بووم. پیاوێکی ئەو سێ ماڵە لەوێ بوو، پرسیم: لەو بەردە ڕەقە چۆن دەژین؟ چیتان هەیە؟ وتی: دەخڵ و دانمان نییە، شەش بزنمان هەیە و چەند درەختێکی میوە و هاوینان ئاوی سارد! وتم: ئەمە گوذەران نییە، بۆ ناچنە دێیەکی گەورە، یا شارێک، کردوکۆشێ بکەن و خۆش ڕابوێرن؟!! وتیان قوربان، چی بکەین؟ وەطەنە، پێمان بەجێ ناهێڵرێ!

ئەوسا گاڵتەم لێ دەهات، تا چوومە ئەستەمووڵ. خوا وای ڕێکخست ژیانێکی زۆر بەختیارانە و پایەیێکی بڵند و هەمدەمیی «خالید ضیا» و «ڕەضا ڕەفیق» و «ئەکرەم بەگ»، کە -بۆ ڕۆحی من- لە هەموو ئارەزوویێ پێشتر بوون. لە (ئەطەنە)، کۆشکێکی دڵپەسەند؛ لەو خۆشییەدا، شەو کە خەوم لێ دەکەوت، لەو خەوەدا لە چەمی گورگەدەر -هەر چۆنێ بە منداڵی فێر بووبووم- فەریکەگوێرم ئەدزی.

هیچ ڕووم نەدەهات ئەمە بگێڕمەوە، تا ئێوارەیێکی ڕۆژووەوانی بوو، بەربانگ چوومە ماڵی «سەعید پاشای خۆمان [خەندان]، لەسەر نان پێی وتم: نابێ بڕۆی، گفتوگۆی پەنهانیم هەیە. دوای نان، چووینە ژوورێکی ترەوە، کە بە تایبەتی خۆی لێی دادەنیشت. لەوێ فەرمووی: بۆیەکم گل داویتەوە، بزانم کوردیم لەبیر ماوە!! هات سەرگورشتەیێکی خۆی گێڕایەوە؛ کە جارێ لە ماڵی «سلێمان بەگ»ەوە ئەتۆرێ، بە تەنها ئەچێ بۆ (میرەدێ). لە ڕێ زۆر ماندوو ئەبێ، لە سەرچاوەی (بێستانسوور) لە بن ئەو بییانەدا ئەحەسێتەوە. ئەیفەرموو: ئێستا کە ئەم پایەیە و ئەم قۆناغە مەشهوورەم هەیە، زۆرجار ئەڵێم، خۆزگە لەو سەر ئاوە گوذەرانێکی مامناوەندیم ببووایە و ئاسوودە لەوێ بژیامایە!! ئەنجا ڕووم هات بڵێم: پاشا منیش ئەو دەردەمە، باڵام من ئەتوانم بچمەوە و بحەوێمەوە، بەڵام تۆ ماسییەکەی لە گەرووی (فاو) گیرابوو و لە (شط العرب)دا جێی



خوالێخۆشبووان سەعید پاشای خەندان و پیرەمێرد

# مەلا سەعیدی کوردی

**پیرەمێرد**

مەلا سەعید کە لە دەوری ئیستیبدادا خستییانە تیمارخانە و مودیرەکە پرسیی: ئەگەر ئەمە شێت بێ، ئەبێ من عاقڵی کوێ بکەم؟! دوایی لە تیمارخانەیان دەرهێنا، خەڵکی زۆر لێ کۆبووەوە، ناچار خستییانە تەوقیفخانە. لەوێ ناظیری ضەبطییە «شەفیق پاشا» بانگی ئەکاتە لای خۆی، گفتوگۆی لەگەڵ ئەکا. ئەمە صوورەتی گفتوگۆکەیانە:

ناظیر: سەلام، پادشا سەلامت [لێ ئەکا].. ئەنجامی خەلیفەی ئیسلامی بۆ ناردووی. وا جارێ هەزار قرۆشت بە ئیرادە بۆ بڕاوەتەوە. دوای دوومانگی تر ئەگەر عال و صال بی، هەزار قرۆشی ترت بۆ عەلاوە ئەکرێ.

مەلا سەعید: پاشام، من بۆ سواڵی مەعاش نەهاتوومە ئەستەمووڵ. هەزار لیرەیشم بدەنێ، نامەوێ. من تەنها پیاوێکم، لە هەموو شوێنێ ئەژیم، بەڵام میللەتەکەم زۆرە و کەم حاڵ و بێ مەجال ناژین.

ناظیر: کوڕە کابرا تۆ دیارە شێتی! لە هیچ ناترسی. ئیرادەی پادشا چۆن ڕەد ئەکرێتەوە؟! نەتیجە وەخیمە.

مەلا سەعید: نەتیجەی وەخیم مەعنای چییە؟ ئەگەر بمهاوێژنە دەریاوە، قەبرێکی واسیع و نەرم و بێ مارو موورە. ئەگەر بمخنکێنن، قەبرم دڵی میللەتە. ذاتەن من کە هاتووم بۆ ئەستەمووڵ کە ڕۆحی خۆمم لە طەڕەف میللەتەکەمەوە بە دیاری یاخۆ بە بەرتیل هێناوە. دیارە بەرتیل لە دیاری پەسندترە. جارێ بە نەصیحەت هەرچیم بۆ بکرێ، ڕێی ڕاست پێ نیشانی مەئموورەکانتان ئەدەم، تا تێ بگەن وەظیفە دەرعوهدەکردن بۆ خدمەتی میللەتەکەی خۆیانە، نەک بۆ مەعاش. ئەگەر مەئموور بێ غەرەض و بێ عەوەض خدمەت بکەن، میللەت و دەوڵەت یەک ئەخەن. کە یەک وجوودی و یەک دڵی لە ناودا پەیدا بوو، موەفەقییەت و سەربەرزی دێتە ناو. من بۆیە مەعاشم ناوێ، کە نازانم موقابیل بەو مەعاشە ئیدارەی سیاسەت و خدمەت بکەم.

ناظیر: ئەوی تۆ داوات کردووە بۆ نەشری مەعاریف لە کوردستاندا، پادشا تەودیعی مەجلیسی وکەلای کردووە، چشتێکی باشیان بۆ دەکەن.

مەلا سەعید: کە وابێ خدمەتی میللەتەکەم دوا دەخەن و مەعاشەکەی من پێش ئەخەن، وا دیارە ئەمە بۆ دەم کوتکردنی منە.

ناظیر: (بە تووڕەییەوە) کابرا تۆ خۆت بەچی ئەزانی وا ئەخوڕی و ئەم قصە قۆڕانە ئەکەی؟

مەلا سەعید: من لە شاخا پەروەردە بووم، سووکم، بە تووڕەیی ڕام نابم. ئەمەوێ من لەناوبەرن و خۆیشتان لە پینەچیەتی ڕسگار کەن. ئێوە پینەچین، بەڵام کەوای ئیدارە لە هەموو لایێکەوە وا هەڵتلێشاوە، پینە ناکرێ.

ناظیر: پینەچی مەعنای چییە؟

مەلا سەعید: من کە هاتمە ئێرە، ڕوانیم جانەوەرێکی زۆری ئەفکاری عاممە ئەخولێتەوە و هەڵمەت ئەبا. طەبەقێ کاغەذی تەنکی جگارەیان داوە بەسەریا، دایانپۆشیوە. بەڵام وا چاوم لێیە ئەمڕۆ بێ سبەی بێ ئەو کاغەذە تەنکە بەرگە ناگرێ، ئەدڕێ. وا ئەبینم خەریکن منیش بخەنە ئەو پەردەیەوە. من وتم کێویم، بە دار و بەردەوە زەرد نەبووم، چ جای ئەو کاغاذە تەنکە هەندێ بەر من کەوتبوو. ئەو پەردەیە، جارێ کە بانگیان کردمە مابەین، لەوێ لایێکی دڕا. لە تیمارخانەیشدا ئەو لاکەی دڕا. وا لە تەوقیفخانەدا هیچم بەسەرەوە نەماوە، بێ پەردە ئەدوێم، هیچ پینە هەڵناگرم، ((قد اتسع الخرق على الراقع)). ئەم حوڕییەتی بێ پەردەییە مننەتی لە تیمارخانە ئەزانم.



مەلا سەعیدی کوردی

*** ژین، ژمارە ٦٧٢ ساڵی ١٦، پێنج شەمە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٤٢، ل٢.**

# ...ۆمدا ئەیبینم



نەبووبووەوە. ئەنجا وتی: بە خوا ڕاست ئەکەی. شیعرێکی مەولانا خالیدی خوێندەوە:

خون شد دلم، نسیم صبا غمگسار شو
بر دشت شهرزور دمی رهگذار شو
رفت آنکه ما به عیش در آن بوم بگذریم
زنهار تو وکیل منی دلفگار شو

لام وایە هەموو کەس، حەتتا جانەوەریش، ئەو حیسسەی هەیە، بەڵام ئێمە وەطەن بە چۆلەکەییێک دەزانین کە تووکی دەگرین و سووریشی پێ ئەدەین و ئەڵێین: چۆلەکە سەما بکە، یاخۆ... ئاردبڕکێی پێ دەکەین!

ئەم ئاینی ئیسلامییە ڕێ و ڕەوشتێکی دانابوو، تەنها مەردێکی موسڵمان بۆ پێڕەویی ئایینەکەی خۆی، پەنجەی لەگەڵ مەرگ لێ ئەدا، بەگژ ئاگر و قەڵا و شیر و تیردا ئەچوو، ئەیگوت: جیهادە. ئەوروپاییش ئەو غایەیەیان خستە سەر وەطەن و میللییەت و بە ڕاستی زۆریشیان لە لا پەسەندە خزمەتی خاکەکەی خۆیان بکەن، ئەڵێن: وەطەنپەروەرین. ئەمما وەرن بزانن تەنها مەردێکم بۆ ئەدۆزنەوە سوودی خۆی فیدایی بۆ ڕێی وەطەن کردبێ؟! هەرچی یەکێکی وام پێ نیشان بدا، سێ ژەم گون و گورچیلە بخوا.

* **ژیان، ژمارە ٤٥٢، شەمموو ٢٤ی ئۆغستۆسی ١٩٣٥، ل١.**

# تەئریخ و ئەشخاص

**پیرەمێرد**

کتێبێکی (شەرەفنامە)م کڕیوە، هێشتا پارەم نەداوە. جاروبار شەو خەوم ئەزڕێ، سەیری ئەکەم. ئەم شەو وا هات تەماشام ئەکرد، موقەددیمەو شەرحەکەی «محەمەد عەلی عەونی»ی کاتبی دیوانی مەلیکی میصرم زۆر لاخۆش بوو.

دوای ئەوە «شەرەفخان» هەندێ لە ئەطوار و پیشەی کورد ئەدوێ، ئەوەیشم بە ڕاست زانی، ئەڵێ: کورد لە سروشتی ئەزەلیدا گەلی سەر شاخان دروست کراوە، بۆیە طەبیعەتێکی بەرز و کەللەییێکی ڕەق و میزاجێکی توند و سەخاییێکی لەوزەبەدەر وەک شاخ و پەرستشێکی بەدڵ و ئازایی و وەفاییێکی جان فیداییان هەیە. ئەوەندە حەز لە ئازایی ئەکەن و فریای غەزوەی دەوری سەعادەت نەکەوتوون. ئێستایش جەردەیی بە ئازایی و هونەر ئەزانن و بە هیچە خۆیان بە کوشت ئەدەن. ئەو هەوای ئازاییە لە خوێندن و کار و کەسب و تیجارەتی کردوون. دەوڵەمەندییان لا عەیب و عارە. هەندێکیان تیا هەڵئەکەوێ کە خوو ئەداتە خوێندن، لەناو جیهاندا ناو دەردەکەن: سەعدەددین، تاجەددین کوردی، «ئیدریس بتلیسی»، «ئیبنولحاج»، «ئیبنولئەثیر»، «عەلی عیسا هەولێری»، «ئیسماعیل حەقی ئەرضرۆمی»ی صاحێبی (روح البیان)، باقی تا هەزاران کە لەم پەڕەدا جێیان نابێتەوە.

بەڵام چونکوو طەبیعەتیان ئەمەند بەرزە، هیچیان گەردن کەچیی یەک ناکەن، هەمیشە ناکۆکن و لەیەک ئەکوژن، حەیاتیان لەلا ئەوەندە بێ بەهایە، لە خوێنی پیاوێکا زۆر جار دێت ئەسپێک، یا پێنج سەر بزن، یا کچێک، یا پێنج صەد قران بووە، کە ئەکا دینارێکی ئێستا، لە هیچ کارێکیان یەک ناکەون، تەنها لە خواناسیدا یەکن.

ژن مارەکردنیشیان ئەمەندە هەرزانە، مارەیی بە دەستووری میری حەکاری مەجیدییەک و چارەکە مەجیدییەکی قەدیمی عوثمانییە. لەبەر ئەوە هەروا تێکەولێکە تا چوار ژن دێنێ و لە ئۆدەییێکدا دایانئەنێن، ئەگەر ئەوەندە لەیەک نەکوژن و نەسلیان بمێنێ، جێ نامێنێ گونجایشی تیا بکەن. ئەوەیان چاکە بە نان و دۆییێک هەڵئەکەن، لە پەیچۆری مەعاشی وەظیفە ناگەڕێن. هەیانە کەرکێکی شوانی لەبەر ئەکا، لەو شاخە ئاوازەی هۆرە و لاوکی خۆی، بە ئاوازەی طەپڵی شاهی و مارشی مۆزیقەی حوکمداری و ئۆپەراسوارە ناگۆڕێتەوە!

* **ژین، ژمارە ٦٢٥، ساڵی ١٥، پێنج شەمە ١ی مایسی ١٩٤١، ل١.**



شەرەفخانی بەدلیسی

# سەرپەرشتیی منداڵانمان

**پیرەمێرد**

ئێستا هەموو لایێک ئەمەمان چەسپیوەتە دڵەوە کە لە هەموو چشتێ پێشتر و باشتر بۆ ئێمە، خوێندن و زانستییە، چونکوو هەر زانستییە لە ڕێی ڕەهەندەیی ڕەهامان کا و ئەمانگەیێنێتە سەربڵندی. بەڵام من - بە مێشکە کۆنەکەی خۆم - وای دەزانم کە تەربییە و پەروەردگاری و ڕەوشت و خووی چاک پێش خوێندەواری دەکەوێ. پێغەمبەر بە خەلقی عەظیم ستایش کراوە، زۆر داهیی وا هەیە هەر شیعرێکی، هەر گوفتەییێکی ئاوازەییێکی هونەرمەندی و پەسەندی دەخاتە گونبەدی ئاسمانەوە، دەزیبێ شای شاعیران بێ، کەچی پێشەوا و فەرمانڕەوا نییە!

دیارە ئەویش کە ئەو کانگەی خەیاڵە بەرزەی پەست کردەوە، باز زنجیری کردە و بردەیە! یەکێکی لە زانستا صەد پایە، لەوان خوارتر و کەمتەر خوڵکی باش ئەبێ و ڕەهبەریی سەرفرازیی میللەتەکەی خۆی ئەکا و زۆرتر بەکەڵک دێ و باشتترە و لە پێشترە!

لێرەدا وا خەڵقی باشمان لە زانستی بە چاکتر زانی و خۆش خوڵقیش مایەی تەربییەیە. ئاخ و درێغ لەم شارەدا هێشتا لە منداڵی گەورە و بچووکدا تەربییە نابینم. ئەمەندە ساڵەیە ئۆتوموبیل کەوتووەتە ناومان، تێرمان لێ خواردووە. ئێستایش ئۆتوموبیلێک ڕابووری، گەڕەکاوگەڕەک منداڵ و گەورە و بچووک خۆی پیا هەڵدەئاوستێ. ئەمەندە ئیعلان و جاڕ و جاڕ و هەڕەشە کرا، هیچە!! زۆرجار دایک و باوک چاویان لێیە، ناڵێین ئەمە خراپە! ئەڵێ: ماشەڵڵا، سەیر کە ئەحەکەم شانبەشانی ئۆتوموبیل ڕادەکا و ئەڵێی طەنافبازە خۆی پیا هەڵاوەستیوە.

حەو ساڵە بەلەدییە لەسەر ڕێگا و جادە نەمام ئەنێژێ و پاسەوانی بە دیارەوە دادەنێ. دە فەرموون ((بسم الله)) نەمامێک لە دەست منداڵان دەرچووبێ و ڕووابێ. بەهاران، توو پێ دەگا و ناگا، هێشتا کوڵنجەیە، ئەچنە سەر چڵەپۆپەی ئەو تووە، ئەچنە سەر شانی یەک، دەست ئەکەن بە هێلانە چۆلەکەدا، زەرنەقووتەی وەک گۆشتی سوور دەردێنن. نازانم چۆن (مار) پێیانەوە نادا؟ هێلانە زەردەواڵە دەئارووژێنن، ئەمەندەیان پێوە ئەدا، هەموو سەروچاویان دەئاوسێ. نازانم چۆن نامرن. خۆ کە دووانیان کەوتە یەک، لەباتیی دەستەبرایەتی، شەڕەجنێو و دایکی یەک...

خۆ هەندێ زبانزەدەی جنێویان هەیە، گەر بێ ئەدەبی نەبێ لە ئەدەبیاتدا زۆر پڕمەعنایە، یەکێکیان جنێو بە شەوکڵاوی ... باوکی ئەویان ئەدا، ئەوی تر بە پێستی دەستنوێژشکێنە! ئیتر نازانم چی بنووسم. هەتا بڵێی منداڵمان بێ تەربییەن. ئاخ! ڕۆژێ لە بەردەرکی مەکتەب ڕاوەستن، ئەو قوتابیانە کە لە مەکتەب دێنە دەرێ، گوێیان لێ ڕاگرن و هیواتان پێیان بێ.

هەموو وڵاتێک بۆ منداڵانی (روضـە) گوڵستانێکی هەیە، لەوێدا ئامۆژگاری دەکرێن، تا پێ ئەنێنە ساڵی مەکتەبەوە. حەتتا لێرەیش ئۆتوموبیلچیی ئەرمەنی و ٦ غارصۆن و قۆندەرەچیی تیایە، بۆ خۆیان ڕەوضەیەکیان کردووەتەوە، ئاوازەی مارسییەزی ئەنترانیکی گەلێ ژوور سەوییە و سەجییەی ئێمە کەوتووە. خانووەکەی «شێخ قادر ئەفەندیی موفتی» کە ئێمە خەریک بووین بۆ طەڵەبەی (زانستی)ی بگرین، ئەوان گرتیان و لەوەیشا سەر ئێمە کەوتن.

ئێمە هەر وا چاکە لەژێرەوە بین، چونکوو یەک ناکەوین. ئیستیرحامی ڕەوضەیێک بکەن، جێ هەیە، تەخصیصات هەیە، ئەمثال هەیە، ئێمە خۆمان داوا نەکەین کێ بۆمان بکا؟ خۆ ئەویش بانقە نییە، بڵێن حەرامە نامانەوێ. «بایەزیدی بەسطامی» فەرمووی: دە بڕۆن، تەڕو وشکتان پێکەوە بسووتێن!!

* **ژیان ژمارە ٤٦٠، شەمموو ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٥، ل١-٢.**

# چەشمەنداز (منظرە)ی سووورداش

**پیرەمێرد**

خۆزگە ئەوەندەی «ئەحمەدڕاسم»ی ئەستانبووڵ توانای «تەصویری مەناظیر» نەخش نواندنم ببووایە، چۆن و چلۆنیی چەشمەندازی (سووورداش)م لەپێش چاوی ئێوە بنواندایە. زۆر بە داخەوەم، ئەو ساڵانە کە جەلالەتی مەلیک فەیصەڵی بەهەشتیی مەلیکی سروشتیمان بۆ هاوینەهەوار (صەیفییە) بۆچ گەیاندە ئەوپەڕی ناووێن (حدود)ی ئێران و بۆچ نەیانهێنایە سووورداش و (هۆمەر قەوم)؟ بەڵێ، (پێنجوین)یش خۆشە، بەڵام بەوە پەکیان خستین وتیان نزیک بە ... سووورداش، پارچەییێکی خولدی بەرینە، کە دەستی سروشتی ئیزەدی لەو بەهەشتەی پچڕیوە و لەو دۆڵەدا شاردوویەتەوە. هەرچی ستایشی بەهەشتی پێ بکرێ و خوا سوێندی پێ خورادبێ، لەو ناوچەیەدا هەیە. لە (زاب)ەوە پیا وەرە، ئەمبەر و ئەوبەر خەیمە و خەرگاهی درەختی بەبەری پڕسێبەری گوڵە ژاڵە و مۆرد و عەرعەر دەشت و دەری گرتووەتە بەر. «مەولانا خالید» کە سروش ئیزەدی کوردستانە و شەیدای عەوداڵانە، فەرموویە: ((هذه جنات عدن فادخلوها خالدین)). ئاووهەوای دەشت، وەک بە هەشت، شاخ و سەنگڵاخ، لانەی شاهێن و کەلاخ، شنۆی بای (شێخ باخ)، کناچەی پۆڕی (موغاغ)، پڵنگی گوستاخ، کەڵەکێویی بەپەرداخ، لەیلاخی دەوری (چالاخ)؛ ئەمانە هیچیان خۆ هەڵبەست و خەیاڵی نین. یەک چشتی خەیاڵی هەیە، ئەویش لە هونەرمەندییەوە دوور نییە.


ئەو شاخی پشت سووورداشە لە ڕاستی هێلانە شەهێنە، کە وەک بە تەشوێی سەنگتەراشی ئیزەدی داتاشرا بێ، لە ڕۆژی ئەزەلدا بۆ (ئاسانسۆر) ڕێک خراوە، هەر وەکوو کێوی قاف لەپشت (تفلیس)ەوە بە ئاسانسۆر بۆی سەرئەکەوێ و لەسەر ئەو شاخە یەکسەر باخە؛ ئەم کە سەری شاخی (شێخ باخ)ە، هەزار پەریی کێوی قافی بۆ بەداخە! خوا بۆی داناوین کە ئاسانسۆری بۆ دروست کەین. لە ئەمەریقا ئوتێلێک حەفتاوپێنج قاتە، بە ئاسانسۆر بۆی سەردەکەون. ئەمە بە زۆر مەزانن. ئەگەر سووورداشیش ببێ بە هاوینەهەوار، بۆ سەری (پیرەمەگروون) و بۆ سەری (شێخ باخ) ئاسانسۆر دادەنرێ.

خۆزگە ئەم کاربەدەستانە کە ئەتوانن ئەوێ بکەنە صەیفییە، دەمی بەیانێک لە قەڵاتی (حەسەن خان)ـەوە تێر سەیری ڕۆژهەڵاتنی سووورداشیان ئەکرد، کە بەری (تۆکمە) و (عەوڵان) بەو تیشکی ڕۆژە سەوزە و درەخت و دار و بەردی بەرگی زەڕنیگاری زەرد و ژەنگار لەبەر دەکەن، چۆنن وەیا مانگەشەوی بەهاران و لەپشتی (حاجی ئاوا)وە تەماشای ئەو گوڵ و گوڵزارە و زنجیرەی ئاوە و ئەو گۆفانی نووری ناو گەڵا و داری (کۆتەڵە)یان دەکرد؛ یا شەوێکی تر لە (مێرگەپان) «شێخ یووسف» دوو کەڵەکێویی بۆ دەکوشتن و ئاگرێکی زەردەشتیی بۆ دەکردنەوە و شیش و شیشەیان لێ ڕادەکێشا، شیش لە ئاگرا، شیشە لە سەهۆڵا. تووتونەوانێ بە لاوکەوە و ژنەشوانێ بە لایلایەوە بەردیان ئەدا بە پشتی «ڕەشۆڵ». توو خوا پێم بڵێن: سەهۆڵ و کەڵەکێوی و شیش و شیشە لە کوێ دەست دەکەوێ؟!

* **ژیان، ژمارە ٤٢٠، شەمموو ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٣٤، ل١.**



دیمەنێکی سووورداش




# من و غاندی

پیرەمێرد


غاندی، ئەم جارەیش لە ڕۆژووگرتن بووەوە و هەر ٢٨ ڕۆژەکەی بە تەواوی گرت. نازانین ئەم پیاوە داهییە بۆچی لە هەموو وەسائیطێکی عیلمی و فەننیدا خۆی ئەخاتە پەنای برسێتییەوە؟! لەم مەسلەکەدا نەظەریەی من و غاندی زۆر لە یەک دوورە. من پێم بڵێن: هەموو دنیات ئەدەینێ، واز لە خواردنی خۆشت بێنە، پێم ناکرێ. تاقیشم کردەوە، خۆم بۆ کەس ناکوژم و بۆ خواردن ئەژیم. بزانین دوایی کاممان قازانج ئەکەین؟

* ژیان، ژمارە ٣٦٥، پێنجشەمە ١ی حوزەیرانی ١٩٣٣، ل ٢.


# بەشێک لە کتێبە چاپکراوەکانی پیرەمێرد لە سەردەمی خۆی دا





مەناقیبی کاک ئەحمەد، بەقەڵەمی خواجە ئەفەندی. پیرەمێرد لە فارسییەوە کردوویەتی بەکوردی و ساڵی ١٩٣٦ لەسەر ئەرکی حەپسە خانی نەقیب چاپکراوە.





گاڵتەوگەپ - ١٩٤٧، بریتییە لە هەندێک ڕووداوی خۆشی ناو کۆمەڵی کوردەواریی، هەم بۆ پێکەنین و هەم بۆ پەند وەرگرتنە.





سەرگوزشتەی مەم و زین





دیوانی مەولەوی و ڕۆحی مەولەوی پێکەوە - ١٩٣٥ لە چاپخانەی سلێمانی چاپکراوە.





نموونەی دەستخەتی پیرەمێرد




سەرگوزشتەی کوڕێکی ئەڵمانی ، کەمانجەژەن - ١٩٤٢، وەرگێڕان لە تورکییەوە




ئاوە ڕەشەی ڕوسی شوور - ١٩٤٠




پەندی پێشینان- ١٩٣٦

# پیرەمێرد؛ ژین و ژیان و چاپخانەکەی


ژیان

ڕۆژنامەی "ژیان"


هونەرمەند خالید ڕەسوڵ. لە کاتی گواستنەوەی چاپخانەکەی پیرەمێرد بۆ مۆزەخانە

**باوکی ئەڤرێست**

سەرلەبەیانی دووەم ڕۆژی شوباتی ساڵی ١٩٢٥ دنیا سارد، کزەبایەکی وشک لە گۆیژەوە دەهات و خۆی بە ڕووی خەڵکەکە دا دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی لەسەر خوێندنەوەی ڕۆژنامەی (ژیـان) راهاتبوون، هەریەکەو دانەیەکی بەدەستەوە بوو، بە پەلە بوو تا بگاتە شوێنی کاری و چاوێ بە ڕۆژنامەکەی شارا بگێڕێ. یەکێ لەو هەواڵانەی ئەو ڕۆژە سەرنجی خوێندەوارانی ڕاکێشا ئەم هەواڵە بوو «جەنابی تۆفیق بەگی مەحموود ئاغا کە ٢٣ ساڵە لە وەتەن دوور کەوتۆتەوە شەوی ٣٠ ی کانوونی دووەمـی ١٩٢٥ تەشریفی هاتەوە. مەملەکەتەکەمان بە قدوومی ئەم زاتە زۆر مەسروور و پێخۆشحاڵە، بەناوی هەموو خۆوڵاتییەکەوە بەخێرهاتنی دەکەین»*

پیرەمێرد پاش گـەڕانـەوەی لە تورکیا، چەند ساڵێک لە شاری سلێمانی دا یەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی توخنی کاری میری بکەوێت، لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٦ دا شارەوانی سلێمانی ڕۆژنامەی ژیان دەردەکات بە سەرۆکایەتی حسێن کازم و پیرەمێردیش دەکرێت بە سەرپەرشتکاری ڕۆژنامەکە.

سەرەتای مایسی ١٩٣٢ کاتێک حسێن کازم کۆچی دوایی دەکات، ڕۆژنامەی «ژیان» و چاپخانەکە بێخاوەن دەمێننەوە شارەوانی دەگـەڕا بۆ کەسێک ئەو شوێنە پڕ بکاتەوە، هەربۆیە داوا لە پیرەمێرد دەکرێت و دەبێتە بەڕێوبەری ڕۆژنامەکە و لە ژمارە (٣٢١) وە حاجی تۆفیق دەبێتە بەڕێوەبەری چاپخانەکە و لێپرسراوی ڕۆژنامەی «ژیان». لە ناوەڕاستی ئابی ١٩٣٤دا چاپخانەکە لە شارەوانی بەکرێ دەگرێت و ئیمتیازی ڕۆژنامەی ژیان یش دەکات بەناوی خۆیەوە.

لە ساڵی ١٩٣٧ دا لەگەڵ کاربەدەستانی شاری سلێمانی دا تێکدەچێت و چاپخانەکەی شارەوانی لێدەسەندرێتەوە، بەڵام پیرەمێرد هەر کۆڵنادات دەچێت خانووەکەی دەخاتە ڕەهنی بەڕیوبەرایەتی «هەتیوان»ـەوە، ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکی نوێ بە ناوی «ژین» وەردەگرێت و دەریدەهێنێت و چاپخانەی ژین دادەمەزرێنێت.

ڕۆژنامەی ژین؛ کە پیرەمێرد لە سلێمانی چاپی دەکرد. وەک درێژکراوەیەکی ڕۆژنامەی ژیان، (٥٥٣) ژمارەی لێ چاپکرا. یەکەم ژمارەکەی لە ١٩٣٩دا دەرکرد و تا کۆچی دواییی کرد لە ١٩٥٠ دا بەردەوامبوو و بە ژمارە (١٠١٥) ی گەیاند. دوای خۆیشی جەمیل سائیب و نوری ئەمین بەگ و گۆران و ئەحمەد زرنگ بەرەودوا تا ساڵی ١٩٦٣ گەیاندیانە ژمارەی کۆتایی (١٧١٤).

لە ئێستادا بنکەی ژین لە سلێمانی گۆڤارێک بەناوی ژین دەردەکات.

* **سەرجەم دیوانی پیرەمێرد، سلێمانی ٢٠١٠ ل (١٧).**

## نەبیرە و زبان


پیرەمێرد و چاپخانەکەی

نەبیرە، ئێمە هەرچەند بە میللییەتی دادەنێین، بەڵام -خۆیشم ئەڵێم- ئەو مەعنایە نابەخشێ. زۆر چشتیتر هەیە وەک عەشرەت و نەژاد و بنیچە و ڕەگەز و تیرە و هۆز و ئێڵ و خێڵ و کۆمار و طائیفە و چی وچی، کە بۆ میللییەت ئەتوانین زۆرەملێ داینێین، دیسان وا ڕاست و ڕەوان میللییەت ناگرێتەوە. میللییەت بناغەی لە قەومێکەوە هاتووە کە هەموویان پەیڕەوی ئاینێکیان کردبێ، وەک میللەتی یەهوود، یا میللەتی ئیبراهیم، یا میللەتی عیسا، یا میللەتی ئیسلام. ئەمە ئیصطیلاحێکی قەدیم و زبانزەدێکی کۆنە. ئێستا بە شێوەی تازە لە موناسەبەتی دینی و ئایینی جوێ کراوەتەوە، هەم جینسی و هەم زبانی و هاونیشتمانییە وە حەتتا فەرانسز یەکەی (ناسیۆن)ە. یەکەم هەم ئایینی کە پێوەندێکی لە هەموو بە قووەتترە، دووەم هاوژیانی کە لەیەکتر ئەگەن و لەگەڵ یەکدا بێ تەکلیف ئەدوێن، سێیەم تیرە کە پشتاوپشت ئەچنەوە سەر یەک و لەخوێنێک خەلق ئەبن و هاوخوێن و خزم ئەژمێررێن، چوارەم سەرگوذەشتێکی تەئریخییان لەبەینا ئەبێ، ئەڵێن: فلان لەپێش چاویان ئەبێ، لە هەمووی خۆشتر ئەمەیە کە یەکێکیان بگاتە ئەوی تر و بپرسێ: «کوڕە چ کەسی؟» بڵێ کوردم و ئەوی تریش کورد بێ، چەندی پێ خۆشە.

ئێمە لە پێشەوە بەر لە هەموو چشتێک ئایینمان دانا، کە حەقمانە، چونکوو هەندێ بەدگۆ و بەدکار ئیختیلافێکی ئایینی ناحەق و ناڕەوایان خستووەتە ناو ئەم کوردەوە، لە میقرۆبی طاعوون خراپترە. هۆی ئەمە شیعەی رافیزییە کە بە ئەوە سوننیە بەدمەذهەبەکەیە، وایان لێ کردوون بەگژ یەکدا ئەچن و حەتتا با ئەم نەشتەریەیش بوەشێنن، فتوای سەروماڵ و عەرضی یەکتریشیان بۆ داون. های هاوار ماجەراییێکی گوذەشتەی هەزار ساڵی بۆچ ببێ بە سەبەبی شەڕ و کوشتاری میللەتێک، کە بە هەردوو لایان ئەڵێن ئیسلام؟!

ئەنجا بێینە سەر زبان، زبانی کوردی بە ڕەنگێ شێواوە، من کوردم، کەچی لە ڕەخی (وان) و (حەکاری) تەرجومانم بۆ کوردی ئەوێ ڕادەگرت. لەم بن دەستەوە هەورامی لە زبانی جاف ناگا. ئەو هەموو موحیطی کوردستانە، کە من باوەڕم وایە تا زبانیان یەک نەکەوێ، یەک ناکەون، ئەمەندە هونەرمەندی زبان زان و قەواعیدشناسی تیا هەڵکەوت، ئەهەممییەتێکیان بە زبان نەدا. لە ساڵی ١٣٢٩ی ڕۆمیدا کە لە ئەستەمووڵ غەزەتەی کوردی دەردەچـوو، من لە (جۆڵەمێرگ)ەوە مەقالەیێکم بۆ ناردبوون و تەکلیفم لە جەمعییەتی کورد کردبوو کە لە هەر دیارێکی کوردستانەوە زبانزانێک بانگ بکەنە پایتەخت، زبانێک بۆ عموومی کوردی هەڵبژێرن و بیکەن بە فەرهەنگ و دەستوور، حەقی موصارەفاتی لەچاپدانیشم گرتبووە ئەستۆی خۆم، کەس گوێی نەدایێ. ئێستا هەر کەسە بە هەوەسی خۆی شێوەیێک دێنێتە کارەوە، وایان شێواندووە بووە بە .... بەم بەسـتـەزبـانـی و بـێ زبـانـیـیـەوە چ لافـێـک لـێ بـدەیـن؟

* **ژین، ژمارە ٦٧٩، ساڵی ١٦، پێنج شەمە ١٣ی ئاغسۆسی ١٩٤٢، ل٣-٤.**

## ژین، شەرابە، با کۆن بێ!


ژین

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی "ژین"

**پیرەمێرد**

مەطبەعەی (ژیان) سەرلەنوێ حورووفاتی تازەی بۆ هاتـووە. کتێب و کارتی جوان لەچاپ ئەدا. غەزەتەکەیش لە نوسخەی ئایندەوە بە شێوەیێکی تازەی نازدارییەوە. خوا یاری بێ، خۆی ئەنوێنێ بە ڕۆحێکەوە کە بۆ ئەو قاڵبە جوانە بزیبێ.

بە مەرامیشمان ئەمە نییە کە بپارێینەوە لێمان بکڕن و ئابوونەیشی بۆ وەفادارانی خۆی نەبێ، بۆ کەسی تر نانێرین، چونکە هەندێ کەس فیزیان ناهێنێ غەزەتەی ساڵێ بە چارەکە دیناریێ بکڕن. ژین، شەرابە، با کۆن بێ!

* **ژین، ژمارە ٦١٣، ساڵی ١٥، پێنج شەموو ١٢ی کانوونی ئەلئەووەلی ١٩٤٠، ل٤.**


ژووری چاپخانەکەی "پیرەمێرد"

# وێنە بێوێنەکانی پیرەمێرد

**ئا: مەبەست**

لەدوا لاپەڕە دا هەندێک وێنەی زۆر دەگمەنی پیرەمێرد و هاوسەر و بنەماڵەکەی دەکەینە دیاری خوێنەرانی «کوردستانی نوێ» کە سەرجەمیان لە ئەرشیڤی تایبەتی «بنکەی ژین» وەرگیراون، داواکارین لە هەر کەس و دەزگا و بڵاوکراوەیەک لەکاتی وەرگرتنی ئەم وێنانەدا ئاماژە بە سەرچاوە و خاوەندارێتی وێنەکان بکەن.



لە ڕاستەوە: فاتمە (خوشکەزای پیرەمێرد)، غەزالە خان (هاوسەری پیرەمێرد)، ڕەحمە خان (کچی پیرەمێرد). ساڵی ١٩٤٤ سلێمانی ماڵی پیرەمێرد



لە ڕاستەوە: جەمیل سائیب، ڕەشید سدقی، پیرەمێرد، بەڕێوەبەری ناحیەی پێنجوێن، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ و شێخ قادری حەفید. ساڵی ١٩٣١پێنجوێن



لە ڕاستەوە: ڕەحمە خان (کچی پیرەمێرد)، پەروین، فاتمە (خوشکەزای پیرەمێرد)، ئەحمەد زرنگ (خوشکەزای پیرەمێرد)، پیرەمێرد، فایەق هۆشیار (خوشکەزای پیرەمێرد). ساڵی ١٩٤٤ ماڵی پیرەمێرد - سلێمانی



پیرەمێرد ڕۆژانی کۆتایی تەمەن



پیرەمێرد لە بۆنەیەک دا لەسلێمانی

## وەسیەتنامەی پیرەمێرد

(( ئەمجارە ئەمرم، لەمردن ناترسم، ژیانیکی باش و عومرێکی درێژم رابواردووە، گەلێ شاران و وڵاتان گەڕاوم، گەورە و پاشاهانم دیوە، تاڵی و سوێری زۆرم چەشتووە، بەنیوە خوێندەواری لەسلێمانی دەرچووم و خوێندنێکی بەرزم هێنایەوە، بەسەر بەرزیی ئەزانم کە لەڕێ باوەڕی خۆما حەپس و زندانێکی زۆرم دیوە، لەم وڵاتەدا دوو چاوم هەبوو: یەکێ (زانستی) و یەکێ (ژین) ئێستە کە ئیتر لەوانەیە کەڵکی خزمەتم پێوە نەمێنێو ببم بەبار بەسەر خەڵکەوە، روو ئەکەمە قاپیی ئەبەدی، بەبێ ئەوەی کە ماڵی کەسم خواردبێ، موحتاجی کەس بووبێتم، هیچم پاشەکەوت نەکردووە، هیچیشم لەدوا بەجێ نەماوە، چاوم لەدوای خۆم نییە، خۆم بەئاخر خێر دەزانم، هەرچەندە یەکانە هیوام ئەوە بوو کە ببینم قەوم و میللتەکەم پلەیەک لەمە بەرزترو خوێندەوارترو پێگەیشتووترین، بوو بەگرێ لەدڵماو نەمدی، لەگەڵ ئەوەشا بەختیارم چونکە بۆم دەرکەوت کە قەوم و میللەتەکەم لەپێشکەوتنان و هەموو جۆرە توواناو قابلیەتێکیان تێدایە.

ئامۆژگاریم ئەوەیە بخوێنن، کوڕ و کچ تا خوێندەوار نەبن بێسوودە، هەموو شتێک بە عیلم و فەننەوەیە وەکوو وتوومە:

لای من بەخوێندەوارییە، ئاهـ خوێندەوارییە
هەر میللەتێ کە فەننی ئەبێ دەردی کارییە
ئاخ خۆزگە خوێندنیش وەکوو من ئارەزوو ئەکەم
ببینم و نەبێتە گرێی قورسی کفنەکەم

ئامۆژگاریم ئەوەیە بەشوێن ماددە مەکەون، دنیا زۆر بەگران مەگرن، تا ئەتوانن خزمەتی راست و بێموقابیلی قەوم و زمان و وڵاتەکەتان بکەن و دەستی داماوان بگرن و لە دین لامەدەن، خواو پێغەمبەری خۆتان بناسن و رەوشتتان پاک و خاوێنبێ. ئامۆژگاریم ئەوەیە چاپخانەکە مەفەوتێنن، ئەم قەلەندەر خانەیە تێک مەدەن، ئەو یەک دووکەسانەی ئەم بەینە لەم قەلەندەرخانەیەدا خۆیان داوەتە پەنای من بێنازیان مەکەن حەقیان بەسەرمەوەیە، رۆژنامەکەش لەدەست مەدەن، چاپخانەکە ئیش پێبکەن، چونکە لەلایەکەوە ناکوژێتەوەو خزمەتێکی پێئەکرێت، لەلایەکی تریشەوە ئەو جیهەتانەی من یارمەتیمداون بەڵکو بەهۆی ئیشکردنی چاپخانەکەوە ئەو یارمەتییەیان نەبڕێت.

مزگەوتی هەمزاغاش فەرامۆش مەکەن، یادگاری باپیرمە، مزگەوتی ئەو گەڕەکەیە، مەڵبەندی خوێندنی ئایینە، ماڵی خوایە، خوا شاهیدە لەوەتی هاتوومەتەوە فەرامۆشم نەکردووە.

ئامۆژگاریم ئەوەیە شیعر و نووسینەکانم کۆکراوەیە، مەیفەوتێنن، ئیستیفادەی لێدەکرێت، ئامۆژگاریم ئەوەیە لە (گردی یارە) بمنێژن، بۆم مەگرین، ئەگەر زۆر بیرتانکردم جار جار سەرم لێبدەن، فایەق ئەم ئامۆژگارییانەم بۆ تۆیەو بۆ ئەو کەسانەیە کە بە تەنگمەوەن)).

***سەرجەم دیوانی پیرەمێرد ٢٠١٠ سلێمانی ، ل ٥٧ و ٥٨.**



پیرەمێرد و حەپسە خانی نەقیب


ئەدگاری پیرەمێرد

ساڵی بیستو سێیەم ژمارە: (٦٤٢٦) یەکشەممە ٦ / ٧ / ٢٠١٤

خاوەنی ئیمتیاز: د. فوئاد مەعسوم
سەرنووسەر: ستران عەبدوڵڵا

ئامادەکار: ساڵح بێچار
سەرپەرشتیار: هێمن عەبدولخالق
دیزاین: ئەلبورز رەشید رواندزی

کوردستانی نوێ